

# ئەو ئامێرە دیجیتاڵیانەی لە سـ

جیهانی ئامێری دیجیتاڵی سەردەم، بەردەوام لە گۆڕاندایە و هەر ڕۆژە ئامێرێکی نوێ بەکاراییەکی نوێوە دێتە بەرهەم، کاریگەری ئەو ئامێرانە لەسەر ژیانی ڕۆژانەی ئێمە بە زەقی هەست پێدەکرێ، بۆ بەرهەمهێنانی ئامێری تەکنۆلۆژی دیجیتاڵی پێویست بە کات و سەردەمێکی دیاریکراو ناکات، بەڵام ڕەنگە بۆ خوێنەرانی IT گرنگ بێت کە بزانن لە

## Nintendo 3DS

یەکەمین پلەیستەیشنی 3D لە ساڵی 2010دا بەرهەم هات، بەڵام گرفتێک کە لەسەر ڕێگەی ئەو ئامێرە بوو ئەوە بوو کە دروستکردنی شاشەیەکی سێ ڕەهەندی بوو کە هەم لەمسی بێ و هەم جووڵەکانی بەکارهێنەرەکە بۆ سەر شاشەکە ئامێرەکە بگوازێتەوە. بڕیار وایە لە ساڵی 2011دا ئەو گرفتە لەسەر ڕێگەی ئەو ئامێرە نەمێنێت تاکو بەکارهێنەر بتوانێت لە یارییەکەدا خۆی بە واقیعی وەک کاراکتەری ناو یارییەکە ببینێ.



## BlackBerry Playbook



بلاک بێری تەبلێت کە ئامێرێک نزیک بە کۆمپیوتەرە لە جۆری Playbook بە سیستەمێکی نوێترەوە دەخاتە بازاڕ. ئەو سیستەمە لەگەڵ HTML5 دەگونجێت، سیستەمەکە بە QNX ناسراوە لە ئەدۆب فلاش سوود وەردەگرێ. ڕامەکەی یەک گیگابایتە و خێراییەکەشی 1 گیگایە هێرتزە. دوو کامێرای هەیە، ئەوەی پێشەوە 3 میگاپیکسڵە، ئەوەی پشتەوە 5 میگاپیکسڵە.

## PlayStation Phone by Sony



سۆنی کە یەکێکە لە مارکە هەرە سەرکەوتووەکانی تەکنۆلۆژیا، لە ساڵی 2011دا هاندی پلەیستەیشنی خۆی بەناوی Zeus z1 دەخاتە بازاڕ. لە تواناکانی ئەو پلەیستەیشنە ئەوەیە کە پشتیوانی لە SD card دەکات، خێراییەکەی 1 گیگاهێرتزە. ڕامەکەی 513 میگابایتە. بەو پلەیستەیشن مۆبایلە دەتوانی یارییە جۆراوجۆرەکان داونلۆد بکەی.

## Chrome OS netbook

بۆ ئەوانەی کە کۆمپیوتەری جۆری notebook لە تەبلێت بەباشتر دەزانن، گوگڵ لە ساڵی 2011دا پرۆگرامێکی تایبەتی بۆ لاپتۆپی Chrome Os داناوە.




هەروەها سیستەمی ئەو نوت بوکە شوێنگرەوەیەکی باشی ویندۆز و سیستەمی ماکە. سیستەمەکە تەنیا ئەو کاتە دەکرێتەوە کە هێڵی ئینتەرنێت هەبێ، چونکە گشت پرۆگرامەکانی ئۆنلاینن واتە تەنیا لە ئینتەرنێتدا سوودیان لێوەردەگرێ.

## iPhone 5



هاندی جۆری ئایفۆن خۆی لە ڕیزی یەکەمەکاندایە، تا ئێستاش پێشەنگە، بەڵام لەئایفۆنی 4دا هەندێک گرفت دەرکەوتن، کۆمپانیای ئەپڵ لە ئایفۆنی 5دا سەرەڕای لابردنی کەموکوڕییەکانی ئایفۆنی 4 هەندێک



# ساڵی 2011دا دەگەنە لوتکە

**ساڵی 2011دا چ ئامێرێکی تەکنۆلۆژی دێتە بەرهەم. پێویستە بگوترێت ساڵی 2011 ساڵی جیهانی 3D و تەبلێتە. ڕەنگە لەو ساڵەدا زۆر ئامێری نوێ بەرهەم بێن کە ئێستا بە خەیاڵیشمان دا نایەت. بەڵام لە خوارەوە ئاماژە بە چەند ئامێری تەکنۆلۆژی دیجیتالی دەکەین کە ڕەنگە لە ساڵی 2011دا گۆڕانکارییان بەسەر بێت و لەریزی یەکەمەکان دابن.**

## ipad 2



ئای پادی 2 گۆڕانکارییەکی نوێیە کە لە ئای پاد دا پێکهات، ئای پاد هەرچەندە خۆی کەمتر لە دوو ساڵە بەرهەم هاتووە، بەڵام توانییەتی سەرنجی زۆر لە بەکارهێنەرانی بۆ لای خۆی رابکێشێ، هەربۆیە کۆمپانیای ئەپڵ بڕیاریدا ئای پادی 2 لە ساڵی 2011دا بخاتە بازاڕ، ئەو ئامێرە پشتیوانی لە فەیس تایم دەکات، دیزاینەکەی سەرنجراکێشتر و باریکتر بووە، لەگەڵ ئەوەیدا لەگەڵ زۆربەی ئامێرەکانی ئایفۆن 4 دەگونجێت.

## Motorola Android 3.0 tablet

ماوەیەك لەمەوبەر یەکێك لە ئەندازیارانی گوگڵ رایگەیاند کە تەبلێتی جۆری Android 3.0 داهێناوە، هەرچەندە ئاگادارییەکی ئەوتۆ لەسەر ئەو تەبلێتە نییە، بەڵام دەکرێ بڵێین شاشەکەی لەنێوان 7 تا دە ئینجە. پسپۆڕانی بواری ئایتی پێیانوایە کە ئەو تەبلێتە سەرنجراکێشە رکەبەرێکی زۆر جددییە بۆ ئای پادی ئەپڵ.



## Lenovo IdeaPad U1

ئەو تەبلێتە 16 ئینجە، یەکەم تەبلێتە کە سیستەمی لینۆکسی بچێتە سەر، لە یەك کاتدا هەم تەبلێتە و هەم نوت بووك. بەشی کیبۆردەکەی ئەو نوتیبووکە جیا دەبێتەوە و وەك تەبلێت سوودی لێوەردەگیری. شاشەکەی LEDیە و پاترییەکەی لانی کەم تا 5 کاتژمێر دەتوانی سوودی لێوەربگری.



## LG Star

لە ئامێری LG Starدا خاوەنی دوو پرۆسیسەرە، خێراییەکەی زۆر لەسەرێیە، لەودا فیلمەکان بە دیقەی H D و کوالیتی زۆر بەرز سەیر دەکرێن. شاشەکەی 4 ئینجە، کامێراکەی 8 میگاپێکسلە. بڕیار وایە لە ساڵی 2011دا ئەم ئامێرە هاوکات دوو سیستەمی بخرێتە سەر.





خزمەتگوزاری دیکەشی زیاد کردوون. ئایفۆنی 5 هاردەکەی 64 گیگابایتە. کوالیتی دەنگەکەی جۆری HDیە، هەروەها دەتوانی بۆ چات کردن بە ڤیدیۆ چات بکەی. شاشەکەی دژی شوختە.

# ئەرکی دوگمەکانی کیبۆرد لە ویندۆز 7دا



لە چەندین ژمـــارەی ئایتـــی گوڵاندا، باســـمان لە ئەرك و فەرمانی دوگمەکانی کیبۆرد کرد کە لە سیســـتەمی ویندۆز7دا چ فەرمانێـــك جێبەجێ دەکەن. دوگمەکانی فەرمان کە لەیەك دوگمە یان دوو دوگمە یان سێ دوگمە پێك دێن، فەرمانێك لە سیستەم ئەنجام دەدەن، دیـــارە بەبێ ئەو دوگمانەش بەهۆی ماوسەوە دەکرێ فەرمانەکە جێبەجێ بکرێت، بەڵام ســـوودوەرگرتن لەو دوگمانە دەبێتـــە هۆی بردنە ســـەری خێرایی و زوو ئەنجامدانـــی ئەرکەکان. لەو ژمارەیەشـــدا باســـی ئەرکـــی چەندین دوگمـــەی دیکە دەکەین.

1- بـــە داگرتنـــی دوگمەکانـــی Win+1،2،3،4 دەبێتە هۆی ئەوەی کە پرۆگرامەکانی سەر تاسکبار ئەنجام بدرێن.

2- دوگمەکانی win+Alt+1،2،3،4 دەبێتە هۆی ئەوەی پێرستی هەر پرۆگرامێك بکەیەوە.

3- دوگمەکانـــی win+t لەنێـــوان پرۆگرامەکانـــی تاســـکباردا جوڵەدەکات، راســـت وەك جوڵە کردنی ماوس وایە، بەڵام بۆ کردنەوەی هەر پرۆگرامێك دەبێ دوگمەی Enter یان Space دابگری.

4- دوگمەکانی Win+B بەشی Sys- tem Tray هەڵدەبژێـــرێ، هەرچەندە ئەو بەشـــە کارایيەکی زۆری نییـــە، بەڵام گەر ماوســـەکەت لەکاربکەوێ ئـــەو کات زۆر بە سوود دەبێت.

5- دوگمەکانـــی Win+pause/ break پەنجـــەرەی تایبەتمەندییەکانـــی سیســـتەم دەکاتەوە، ئـــەو دوگمەیە کاتێك بە ســـوودە کە بتهەوێ بە خێرایـــی بزانی ناوی سیستەمەکەت و تایبەتمەندییەکانی چییە.

6- دوگمەکانی Ctrl+Esc بۆ کردنەوەی مینۆی ستارت سوودی لێوەردەگیری، بەڵام شوێنی دوگمەی ویندۆز ناگرێتەوە.

7- داگرتنـــی دوگمەکانـــی Ctrl+Shift+Esc راستەوخۆ پەنجەرەی ئەرکەکانی ویندۆز دەکاتەوە.

8- دوگمەکانی Alt+Space شریتی هـــەر پەنجەرەیـــەك دەکاتەوە کـــە دەکرێ بە داگرتنی دوگمەی X بۆ داخســـتن و N بۆ Minimize کردن بە سوود بێ.

# ماسنجەری ooVoo دەجار خێراترە لە ماسنجەری یاهوو




ماســـنجەر ئەو پرۆگرامانەن کە ئەرکیان خزمەتگوزاری گەیاندنی پەیامی دەنگ و رەنگ و دەقە، ناسراوترین ماسنجەرەکان، ماسنجەری یاهوو و MSNن. ئەوانەی کە خەریکـــی چاتکردن رەنگە نەزانن باشـــترین ماســـنجەر، ماســـنجەری ooVooیە، کە رەنگە ئاشنایەتیان لەســـەر ئـــەو ماســـنجەرە نەبێت. ئەو ماســـنجەرە هەتا ئێستا زیاتر لـــە15 ملیـــۆن بەکارهێنـــەری هەیـــە. مانگانەش نزیکەی 50 هەزار کەس بەو ماسنجەرەوە زیاد دەبن. گرنگترین تواناکانی ئەو پرۆگرامە ئەوەیە کە دەتوانی سیمینارێکی دەنگ و رەنگی هاوکات لەگەڵ شەش کەس پێکەوە ئەنجام بدەی، واتە شەش کەس پێکەوە دەتوانن لەسەر بابەتێك قسە بکەن و هەمووشیان یەکتر ببینن. بەڵام ئەوەندەی هەیە بۆ ســـوود وەرگرتن لەو خزمەتگوزارییە دەبـــێ ببی بە ئەندام و بە خۆڕایی نییە. خزمەتگوزارییـــە خۆڕاییەکانی ئەو ماســـنجەرە ئەوانەن: - پێوەنـــدی چاتکردنی دەنگ و رەنگ لەگـــەڵ 2 کەس. تۆمارکـــردن و ناردنی پەیامی ڤیدیۆیی بۆ هاوڕێیانت. بەرێکردنی فایل تا 5 میگابایت. هەروەها دەتوانی دیســـکتۆپی کۆمپیوتەری لایەنی بەرامبەریشـــت سەیر بکەی، بەو مەرجەی لایەنی بەرامبەر ئیزن بدات. ئەوە بەشێکن لە تایبەتمەندییە خۆڕاییەکانی ئەو پرۆگرامە، بەڵام ئەو خزمەتگوزارییانەی کە بە خۆڕایی نین گەلێکن.

# فلاش میمۆرییەک تەنیا پەنج




لە جیهانی تەکنۆلۆژیای دیجیتالـــی ئەمڕۆدا، فلاش میمۆری وەك پارێزەری داتاکانی شەخســـی وایە، فلاش میمۆری بەهۆی ئەوەی کە هەرزانە و قەبارەکەی بچوو و کە کـــە لە هەموو



## ناساندنی یاری Farm Frenzy Ancient Rome

یارییەکانی جۆری farm بەو یارییانە دەگوترێن کە پێوەندییان هەیە بە کاری کشتوکاڵییەوە، کاراکتەری یارییەکە ئەرکی ئەوەیە کە زەوی بکێڵێ و دانەوێڵە بچێنێ و مەڕومالاّت بەخێوبکات و ئەوەی پێوەندی بە ژیانی لادێییەوە بیکات. یەکێك لەو یاریانەش یاری Farm Frenzy Ancient Romeیە. کە زۆر سەرنجڕاکێشە و سادەیە، بەکارهێنەر دەبێ لە قۆناغەکانی دواییدا خێرایی زۆر لەسەری بێ. لەم یارییەدا شوێنی جوگرافی و سەردەمەکە رۆمای کۆنە. ئەم یارییە لەسەر زۆربەی سیستەمەکان دادەبەزێت. مۆسیقایەکی زۆر خۆشی هەیە. بەڵام خودی یارییەکە جیاوازی زۆرە لەگەڵ ئەوانەی پێشوو. ئەو یارییە 90 قۆناغە. لەو یارییەدا کارگە و بینایەی نوێ دروست بوونە، لەبری ئۆتۆمبێل سوود لە بەلەم وەردەگری، بە کورتی یارییەکی تا بڵێی سەرنجڕاکێشە بۆ ئەوانەی کە حەز لە یاری جۆری farm دەکەن.



## ــەرمۆری خاوەنەکەی دەناسێ

شوێنێکدا جێگەی دەبێتەوە، شوێنی هەموو ئەو ئامێرانەی گرتۆتەوە کە پارێزەر و هەڵگری داتاکانن، بەڵام چونکە قەبارەی فلاش میمۆری بچووکە ون بوونی ئاسانە، لە کاتێکی وادا ئەگەر کەسێك بیدۆزێتەوە دەتوانێ گشت داتاو فایلەکانی سەر فلاش میمۆرییەکە بکاتەوە، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، کۆمپانیایەك فلاش میمۆری Eikon to go بەرهەم هێناوە کە تەنیا پەنجەمۆری خاوەنەکەی دەناسێ و هەتا خاوەنەکەی پەنجەمۆری لێنەدات، فلاش میمۆرییەکە ناکرێتەوە. کۆمپانیای بەرهەمهێنی ئەو فلاش میمۆرییە رایگەیاند کە بەمزووانە گشت ئامێرە ئەلکترۆنییەکانی ئەو کۆمپانیایە بە پەنجەمۆر دەکرێنەوە.

## وێنەکانتان بە گیانێکی نوێوە سەیر بکەن




ئەو وێنانەی کە بە بە کامێرای دیجیتال دەگرن، وێنەی بێگیانن و هیچ جوڵەیەکیان تێدا نییە، زۆرجار حەز دەکەن ئەو وێنەی لە پەنا رووبارێك، لە قەراخ تاڤگەیەك، یان لە لێواری دەریایەك یان لە دارستانێك... تاد گرتووتانە جوڵەی هەبا، واتە ئاوەکە وەك دیمەنە سرووشتییەکە جولاّباوە، دارەکان لە جوڵە دابان و با لقی دارەکانی هەژاندباوە، رەنگە بڵێن شتی وا ناکرێ، بەڵام لە جیهانی کۆمپیوتەردا هیچ شتێکی نەگونجاو نییە، پرۆگرامی Nature Illusion Studio ئەو پرۆگرامەیە کە بۆ ئەو مەبەستە دروستکراوە، بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەکرێ لە دیمەنە سرووشتییەکانی ئیفێکتی ئاو و با دابنێی، وێنەکەت بە حاڵەتێکی زیندوو ببینی، تەنانەت دەتوانی هەورەکان بە جولە بخەی و باران و بەفریش ببارێنی. دیارە جگە لەوەش چەندین ئێفکێتی جوان و سەرنجڕاکێشی دیکەی تێدایە.